# ئەدەبو ژیانی مەدەنییەت

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین/ زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان

**پێشەکی:**

ئەدەب، بوارێکی هەستیارو کاریگەرو دیاری گەشەی مرۆڤایەتیی هەر کۆمەڵێکی دیاریکراوە، لەو کۆمەڵگایانەدا کە دامەزراوە مەدەنییو ڕەوتە فەلسەفییو ئایدۆلۆژییو فیکرییەکان نەبوون، یان دواکەوتوون، ئەدەب جێگای پڕکردونەتەوە، یان گرتونەتەوە، لە کۆمەڵگای کوردیشدا، لەبەر نەبوونی ئەوانەی لە پێشەوە باسکران، ئەدەب ڕۆڵێکی گرنگیی لە بانگەشەبۆکردنو گەشەپێدانو بڵاوکردنەوەو بەرجەستەکردنی کایەکانی تردا، هەبووە.

لەم ڕوانگەیەوە، لە ڕۆڵی ئەدەبی کوردیی بەتایبەتیش (شیعر)، لە زەمینەسازیکردنو خستنەڕوو تیۆریزەکردنی چەمکە مەدەنییە مرۆییە هاوچەرخەکاندا، بۆ هێنانەکایەی ژیانێکی مەدەنیانە دەخەینەڕوو، لە ناو دەقەکاندا بەدوای دۆزینەوەی ئەو بنەمایانەدا دەگەڕێین کە لە ئێستادا وەك بنەمای دیارو کارپێکراوو باوی دامەزراوە مەدەنییەکانو ژیانی مەدەنیانە لە سەر ئاستی دنیا، دەناسرێن. ڕۆڵو گەشەو سروشتو ئەرکی ئەدەبی کوردیی لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتییدا لەبەرمەبنای لێکدانەوەو تیۆرە سیۆسیۆلۆژییەکانی ئەدەبدا، پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردییەوە شیدەکەینەوە، تا بگەینە وەڵامدانەوەی ئەو گریمانەیەی کە ئاخۆ دەکرێت ئەدەب جیا لە لایەنە ئیستاتیکییو واتاییو ئاوازدارییو چێژبەخشینەکەی، ڕۆڵ لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیدا ببینێتو کار لەسەر گۆڕینی بیرکردنەوەو ڕەفتاری تاکەکەسیی بکاتو پەیوەست بە (مەدەنییەت)ەوە، بەهای کۆمەڵایەتیی نوێ بێنێتەکایەوە؟

لەم توێژینەوەیەدا، لە بەرمەبنای لێکدانەوە تیۆرییەکانی زانستی سۆسیۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیای ئەدەبو شیکردنەوە ڕەخنەییەکانو بە پێی میتۆدی (شیکاریی)، لە ڕۆڵی ئەدەب لە پەرەپێدانی ژیانەی مەدەنییەتی کۆمەڵگای کوردیدا، دەکۆڵینەوە، بەرهەمی شاعیرانی کوردی بە کرمانجی ناوەڕاست (شێوەی سلێمانی) تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، کە سەرەتای گەڵاڵەبوونی واقیعیانەی چەمکە مەدەنییەکانە لە سەردەمی نوێدا، دەکەینە کەرەستەی توێژینەوەکەمان.

**بەشی یەکەم: ئەدەبو سۆسیۆلۆژیای ئەدەب**

**1/1) چەمکی ئەدەب:**

ئەدەب، چالاکییەکی بەهاداری کایەمرۆڤایەتییەکانە، لێکدانەوەی ئەدەب، بە مێژووی شیعرەوە گرێدراوە، یان ئەدەب درێژکراوەی گەشەی ئۆرگانیی شیعرە، ئەم چەمکە لە سوکراتەوە دێت تا ئەو کاتەی ئەدەب دێتەکایەوەو شیعر دەکاتە یەکێك لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی خۆی ((داخۆ ئەدەب چییە؟ ئەو گوتارەش کە لەم بابەتە دەدوا لە کەلەپوری ڕەخنەییدا پێیدەوترا "هونەری شیعر"، بەڵام هەنوکە بە "تیۆری ئەدەب" پێناسەدەکرێ... لە سەدەی نۆزدە بە دواوە ئەدەب بەتەواوی جێی شیعری گرتەوە))[1].

---

[1] روجر فولر (١٩٩٩ : ٢٤، ٣١ ).

زاراوەی "ئەدەب" لە بەرامبەر زاراوەی (Literature[*])ی ئینگلیزییدا دێت، ئەم وشەیەش لە وشەی (littera)ی لاتینییەوە وەرگیراوە[٢]، دەرکەوتنی وشەی ئەدەب لە زمانی ئینگلیزییدا بۆ سەدەی چواردەیەم دەگەڕێتەوە، بەڵام مانای ئیستاتیکیی زاراوەی ئەدەب لە بنەڕەتدا، لە هەردوو سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا بەکارهاتووە، ئەدەب لە کۆتایی چاخەکانی ناوەڕاست بەدواوە، بۆتە کاڵایەکی کولتوریی وەها کە هەر کەسێکی بە ئاگا لە نووسینو کتێبو زمانەکان بۆ خۆی قۆرخکردووە، هەمیشە وەك شتێکی بەنرخو ناوازەش تەماشاکراوە[٣]. ((بەکارهێنانە بەراییەکانی زاراوەی ئەدەب بەگشتی ئاماژەیان بۆ خوێندنو شارەزایی پەیداکردن لە کتێبدا دەکرد، دور لەو تایبەتمەندییە مۆدێرنەی کە لە مانای خەیاڵییو ئەفرێنەرانەی "ئەدەب"دا هەیە))[٤].

هەندێك لەڕێی ئامڕازەکانییەوە دەیناسێنن، بۆیە "ئەدەب" ((بەهونەرێکی زمانەوانیی، یان زمانی ئەندێشە، یان کیانێکی زمانیی، یان جەستەیەکی زمانیی، یان بەکۆمەڵە ڕستەیەك دادەنێن))[٥]، هەندێکی تر بە فۆڕمێکی جوانیی تەواو، یان کارێکی هونەریی پەتیی، یان سیستمێك لە هێماو واتا کە دەق بەرهەمیان دەهێنێتو لە ناو دەقدا دەژینو هیچ پەیوەندییەکیان بە دەرەوەی دەقەوە نییە، دادەنێت[٦]، یان گوزارشتکردنێکە بەوشە بۆ هەڵوێست وەرگرتنی ئەدیب لە جیهانو دەروبەری خۆی، یان ئامڕازێکی گوزارشتکردنی چینایەتییە، یان داڕشتنێکی زمانییە بۆ ئەزمونگەلێکی مرۆیی قوڵ، یاخود بەکارهێنانێکی تایبەتمەندانەی زمانە بۆ بەدیهێنانی ئاستێکی دیاریکراو[٧].

فەرهەنگی ئەدەبناسیی ڕوسیی، دەربارەی ئەدەب، دەڵێت: (( ئەدەب بریتیە لە هونەری وشە، نوسراوبێت یاخود نە نوسراو، کەپەیوەندیی بەبەرهەمی خوڵقێنەری سەرزارییەوە هەبێت، کە فۆلکلۆرە...)) [٨]، (ئەمرسن) دەڵێت: ( ئەدەب تۆماری بیری پەسەندە)[٩].

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا " ئەدەب" بە ئەو نوسینانەی کە بەهادارن، وەك بەرهەمێکی هونەریی، بەتایبەتیی داهێنانی کەسو ڕووداوەکان، دراماو شیعر، دەوترێن[١٠].

فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکانیش( A Dictionary of LITERARY TERMS) ، بەم شێوەیە لە "ئەدەب" دەدوێت: (( زاراوەیەکی لێڵو تەمومژاوییە، هەمیشە ئاماژە بەو وتانە دەکات کە دەگەڕێنەوە بۆ ژانرە سەرەکییەکانی وەك: داستان، دراما، لیریك، ڕۆمان، کورتە چیرۆك، ئۆد(شیعری گۆرانی). ئەگەر وەسفی شتێك بکەین وەك لیتریچە، وەك دژیەك بۆ هەر شتێکی تر، زاراوەکە لەگەڵ خۆیدا ئاوەڵواتای چۆنێتیی هەڵگرتووە، کە لە نێو خۆیدا ئەوە دەگرێتەوە، کە ئەوەی باسی دەکرێت خەسڵەتگەلی باڵاو زاڵی

---

[*]ئەم زاراوەیە لە عەرەبیدا بە " الأدب" و لە فەرەنسیدا بە"Litterature" و لە ئەڵمانیدا بە "Litera" و لە ئیتاڵییدا بە "Lite" و لە ئیسپانییدا بە"Litera " دێت. بڕوانە: Euro Dictionary(2005 : Literature) .

[2] بڕوانە: فەرهەنگی Britannica (www.britannica.com)، Kenneth Rexroth (1974).

[3] بڕوانە: روجر فولر (١٩٩٩ : ٣٢-٣٣ ).

[4] ڕۆجەر فۆلەر: ( www.sardam.info/sardam/37/06.htm).

[5] د. شكري عزيز الماضي (١٩٨٥ : ١٠ ).

[6] بڕوانە: سەرچاوە پێشوو.

[7] بڕوانە: سەرچاوە پێشوو( ١١ ).

[8] د. شوکریە رسول: (١٩٨٩: ٧).

[9] سەرچاوە پێشوو( ٨).

[10] OXFORD ADVANCED LEARNER`S DICTIONARY: (1989 : 728).

هەیە، واتە ئەو کارە زۆر لە سەروی کارە نووسراوە ئاساییەکانەوەیە، بۆ نموونە " ڕۆمانەکانی جۆرج ئیلیۆت بریتین لە ئەدەب، لە کاتێکدا کە کتێبەکانی فلیمینگز بۆند حاشا هەڵنەگرە کە وەهانین"))[11].

(لسان العرب)یش دەنووسێت: (( ئەدەب بانگکردنی خەڵکە بۆ خوانێك، خواردن چێژی تیایە، ئەدەبیش هەروەها))[12]، فەرهەنگی زاراوەکانی ڕاگەیاندنیش( DICTIONARY OF MASS COMMUNICATION TERMS)، ئەدەب بە کۆمەڵە ئاسەوارێکی پەخشانیی یان شیعریی، ناوازەی جوانی فۆڕم یان داڕشتن‌و بارکراو بە کرۆکێکی بەهاداری نەمر دەناسێنێت[13]، کتێبی (مذاهب الأدب الغربي)، " ئەدەب" بەبەشێك لە مێژووی زمان دادەنێت‌و دەنووسێت: ((کاری ئەدەبیی، بونیاتێکی زمانییەو زۆرترین توانستەکانی زمانیش بەکاردەبات))[14]. فەرهەنگی( Collins Dictionary of the English Languge,1986)یش دەنووسێت: ((ئەدەب: بەرهەمێکی دیاریکراوە لە ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراودا، یان لە ڕۆشنبیریی میللەتێك لە میللەتەکاندا: ئەدەبی ئەسکەندەناڤی وەك نمونە. بابەتێکی تۆمارکراوە وەك شیعر، ڕۆمان، وتارو...تاد، بەتایبەتیش ئەو کارە ئەندێشەییانەی کە جۆرێك لە شێوازو گوزارشتی بالاّیان تێدایەو ئەو بابەتە گشتییانەش لە خۆدەگرێت کە دەمێننەوە))[15]، فەرهەنگی ( Oxford English Dictionary,1971)یش دەربارەی لێکدانەوەی زاراوەی" ئەدەب" ، دەنووسێت: ((فێربوونی ڕەفتاری جوان‌و بەرهەمی هزری مرۆڤو ڕۆشنبیریی ئەدەبییە. کار یان بەرهەمی ئەدەبییە، چالاکیی‌و پیشەی ئەدیب‌و جیهانی نووسینە))[16]. یان دەوترێت "ئەدەب" نووسینێکی ئەندێشەئامێزە، بەو واتایەی گوزارشتێکی ڕاستەقینانەی ڕاستگۆیانە نییە لە بیرەکان، بەڵکو هەر بیرێك لە ئەدەبدا بە ئەندێشەیەکی قوڵ زاخاودراوەتەوە[17]. لە فەرهەنگی (EasyLingo)یشدا ئەدەب بە ((پیشەسازیی ئەدەب‌و بەرهەم‌و پرۆفێشناڵێتیی ئەدەبیی، یان کۆمەڵەکارێکی ئەدەبیی دیار، یان کۆمەڵە شتێك کە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو نووسرابن، یان مادەیەکی چاپکراو))[18] باسدەکات.

لە فەرهەنگی (Wikipedia)یشدا، ئەدەب بەمجۆرە ناسێنراوە: (( ئەدەب یەکێکە لە شێوەکانی گوزارشتکردنی مرۆیی لە هەموو ئەو سۆزو بیرو هەژان‌و هەڵچوونە مرۆییانەی کە بە شێوەیەکی بالاّی نووسین، بە شیعر بێت، یان پەخشان، دەردەبڕرێت، بەمەش دەروازەیەك بۆ مرۆڤ دەکاتەوە تا بتوانێت توانستی گوزارشتکردنی هەبێت لە هەر شتێك کە ناتوانێت بەم ڕێگایە زیاتر، گوزارشتی لێبکات. ئەدەب پەیوەندییەکی توندی بەزمانەوە هەیە، نەك هەر ئەوە بەڵکو بەرهەمی ڕاستەقینەی زمانێکی نووسراوو ڕۆشنبیرییەکی تۆمارکراوە))[19].

---

11 J. A. Cuddon (1984 : 366).

12 لسان العرب (بلا: أدب).

13 PROF. KARAM SHALABI( 1994 : 570).

14 د. سالم أحمد الحمداني (١٩٨٩ : ١٥).

15 روجر فولر (١٩٩٩ : ٣٢).

16 سەرچاوەی پێشوو.

17 بڕوانە: تیری إیجلیتون(١٩٩٧ : ٨).

18 www.easylingo.org (2006).

19 www.wikipedia.org/wiki (2006)

(د. محمد مندور)یش دەڵێت: ((مەبەست لە ئەدەب لای ئەورووپییەکان، هەر شتێکە کە بەهۆی تایبەتییەکانی داڕشتنی لایەنە جوانکارییەکەیەوە، یان بەهۆی هەڵچوونەکانی سۆزەوە، یان هەردووکیان پێکەوە، بمانبزوێنێت))[٢٠].

ئەدەب، وەك بەرهەمو تێکستێکی گوزارشتلێکراو یان نووسراو، هەرچەندە لە بنەڕەتدا بەرهەمێکی تاکەکەسییە، بەڵام بە چەمکە گشتییەکەی بەرهەمێکە زادەی بیرکردنەوەو ڕامانو لێکدانەوەیەکی قوڵەو ئەزموونگەلێکە گوزارشتکەرە لە مێژوو، ئێستاو ئایندەو گەردوونبینییو دنیابینییو ژینگەو مرۆڤبینییو، کەلتوورو سروشتو چوار پایەکەی هاوشانی کە خۆیان لە ئاینو ئەفسانەو ئەندێشەو ئایدۆلۆژیادا، دەبیننەوەو ئەنجامی ئەو کارلێکردنە مرۆییو ژینگەییانەیە کە دواجار ئەزمونی مرۆڤایەتیی گەڵاڵەدەکەنو لەڕێی ڕەسەنایەتیی بیرو بابەتو بەرهەمەکانەوە ماکی نەمریی وەردەگرێتو دەمێنێتەوە، دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهاداریی سامانی مرۆڤایەتییو پایە شارستانییو ژیارییەکان بەهێزدەکات، بەراوردکاری ئەمریکایی (هنری ریماك) دەنووسێت: ((مێژووی ڕاستەقینەی ئەدەب ناتوانێ مێژووە هاوتەریبەکانی تری داهێنانی هونەریی فەرامۆش بکات، بۆیە ناکرێت مێژووی ئایینەکان، سیستمە فیکرییەکان، ئەخلاق، ممارەسە ڕۆشنبیرییەکان، لە ئەدەب دابڕین، بۆیە پەیوەندیی نێوان ئەدەبو بوارە مەعریفییەکانی تر، یان بیروباوەڕەکانی تری وەك هونەرەکانی وێنەکێشان، پەیکەرتاشیی، تەلارسازیی، مۆسیقا، فەلسەفە، مێژوو، زانستەکۆمەڵایەتییەکان، ئایینەکان،...تاد، پێکەوە گەشەدەکەنو ڕووبەڕووی یەکتر نابنەوە))[٢١]، (مەدام دی ستاڵ) دەڵێت: ئەدەب بەهرەیەکی تایبەتییە کە نووسەرێك یان شاعیرێك واتە تاکەکەسێك دەیهێنێتەدی، لەبەر ئەوە نابێت سنورێکی بنجبڕ دابنرێت بۆ سەوداو ڕوخسارو ئامانجەکانی، هەر ئەو دەڵێت: ئەدەب بەپێی ئاووهەوای کۆمەڵایەتیی دەگۆڕێت[٢٢].

### ٢/١) ئەدەبو سۆسیۆلۆژیا:

ئەدەب، چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، دەرفەتی تێکەڵاوبوونی تاکە بە کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، هەوڵدانە بۆ گوزارشتکردن لە شتو دۆخو حاڵەتو دیاردە شاراوەکانی ناو نەست وەك (ئارەزوو، حەز، خواست، ویست، غەریزە، پێداویستیی، هەژموون، جوانیی، چێژ، لەزەت، تام، بۆن، سەلیقە، ئەندێشە، خەو، خولیا، ئەفراندن، خەم، زیندەخەو، خورپە، حەز، داڵغە،...تاد)و، ئاشکراکانی ناو هەست وەك (هەستکردن، درککردن، بیر، بیرکردنەوە، چەمکاندن، نەستاندن، شیکارکردن، پێکهێنانەوە، هەڵوێستوەرگرتن، بڕیاردان، ڕەفتار، گفتار، داکۆکیکردن، گوتار، کردە، کاردانەوە،...تاد)، بەرجەستەو نابەرجەستەکانی ناو کۆمەڵگا وەك (ڕووداو، بیر، بڕوا، باوەڕ، ئایین، دابونەریت، بەهاکۆمەڵایەتییەکان، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، نەزمی گشتیی، دابی گشتیی، پیرۆزییەکان، کەلتوور، سروشت، گەردوون، مێژوو، ئێستا، داهاتوو، پەروەردە، خۆشەویستیی، دوژمنایەتیی، ئاشتیی، شەڕ، سیستمی سیاسیی، ئابووریی، فەرهەنگیی، کایەی کارکردن،...تاد).

لێرەدا مەبەست لە ئەدەب، ئەو بەرهەمانەن کە بەهەر جۆرێك بێت بڵاودەکرێنەوەو دوای بڵاوبوونەوەیان، دەگەنە یەکێك یان چەند هەستەوەرێکی مرۆڤ و کاری تێدەکەن، هەر بەرهەمێك لە

---

20 د. محمد مندور (١٩٧٤ : ٤).

21 دانییل- هنری باجو (١٩٩٧ :٢٢٣).

22 بڕوانە: د. إحسان فؤاد (٢٠٠٠ : ١٣٥-١٣٦).

ناوەڕۆکەکەیدا هەڵگری کۆمەڵێك بەهاو پێوەری کەلتووریی و کۆمەڵایەتییە، کەواتە کۆمەڵێك بەهاو پێوەری کەلتووریی و کۆمەڵایەتیش دەگەیەنێتە وەرگری بەرهەمەکە، بەمەیش بەرهەمەکە لەڕێی ڕۆڵ و پێزو کاریگەریی خۆیەوە، ڕەفتاری تاکەکەسیی و دواتر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی بەوەرگرەکان ئاشنادەکات، ڕادەهێنێت، فێردەکات، دواجار مرۆڤ ئەوە دەکات کە دەیزانێت، تاك بەو کەرەستەو وێنە زەینیی و ئاوەزیی و بیرو واتایانەی وەریگرتوون و هەڵیگرتوون، تێکەڵ بەکۆمەڵگادەبێت و بەشێك یان هەموو ئەو شتانە دووبارە دەکاتەوە کە وەریگرتوون، بەمەیش ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاك دەخەمڵێت و کە کۆمەڵە کەسێکیش لە کۆمەڵگادا بەهەمان ڕەفتارەوە دەرکەوتن، ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی دەهێننەکایەوەو بەبەرجەستەکردنی ئەو ڕەفتارانە لە کات و شوێن و بابەتێکی دیاریکراودا، دیاردەی کۆمەڵایەتیی دێتەکایەوەو لەبەردەوامبوونی زەمەنیانەی ئەو دیاردانەیشەوە، بەها کۆمەڵایەتییەکان پێکدێن.

- ڕەفتاری کۆمەڵایەتی Social behavior:

ئەو ڕووداوانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەی تاکدا ڕوودەدەن، ئەو چالاکییانەیە کە تاك دەیانکات و لێیانەوە کارلێك لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی تردا دەکات.

ئەمەیش بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێت[23]:

١. ڕەفتاری ڕووکەشانە: دەتوانرێت بەشێوەیەکی بابەتیانە تێبینیبکرێت و هەستی پێبکرێت، وەك شێوازی گوزارشتکردن و ئاخاوتن و جۆرو واتای وشەبەکارهاتووەکان، ئاماژەکردن و جوڵە، جۆری جل و بەرگ، ...تاد.

٢. ڕەفتاری ناوەکییانە:

پرۆسەیەکی ئاوەزییە، تاك بەشێوەی بیرکردنەوەو بیرکەوتنەوەو ڕامان و درك و ئەندێشەکردن، دەیکات و ناتوانرێت ڕاستەوخۆ هەستی پێبکرێت، بەڵکو لە ڕێی ئەو ڕووداوو لێکەوتانەوە تێبینیدەکرێت کە لە ئاکامیدا، دەکەونەوە.

- دیاردەی کۆمەڵایەتی Social Phenomenon:

کردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە کۆمەڵێك مرۆڤ دەیکەن، یان پەیڕەویدەکەن، یان بە دەست خۆی یان لێکەوتەو ئەنجامەکانییەوە دەناڵێنن، لەگەڵ ئەوەی بۆ دیاردەی پۆزەتیڤ و دیاردەی نێگەتیڤ دابەشدەبێت، بەڵام لە زۆربەردا ڕەهەندێکی نێگەتیڤانەی هەیەو خۆی لە چوارچێوەی کێشەی کۆمەڵایەتیی ( Social Problem)دا دەبینێتەوە[24]، وەك دیاردەی منداڵانی سەرجادە، هەژاریی، نەخوێندەواری، ...تاد.

لە زانستی کۆمەڵناسیشدا، لێکۆڵینەوەیەکە بە پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی زانستیی بۆ زانینی تایبەتمەندیی دیاردەکەو قەبارەو خێرایی بڵاوبوونەوەو تێکڕای گۆڕاوەکان، تیایدا. یان لێکۆڵینەوەیەکە لەو بوارە کۆمەڵایەتیانە دەکۆڵێتەوە کە دیاردەیەکیان بەرهەمهێناوە، یان کاریگەرییان بەسەر دروستبوونیەوە هەبووە.

لە فۆرمی گشتییدا، دیاردە، دابەشدەبێت بۆ:

١. دیاردەی نامرۆیی:

[23] بڕوانە: د. عبد الحسين رزوقي الجبوري (٢٠٠٩).

[24] بڕوانە: http://ar.wikipedia.org/wiki، http://www.eshamel.net/vb/t19875.html

ئەو دیاردە گشتییانەن کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر ناگۆڕێن:

- دیاردە فیزیکییەکانی وەك (قەبارە، چڕی، قورسایی، ....تاد).
- دیاردە کیمیکییەکانی وەك (شێوازی کارلێکردن لە نێوان توخمەکاندا).
- دیاردە گەردوونییەکانی وەك (جوڵەی خۆرو مانگو ئەستێرەکان).

٢. دیاردەی مرۆیی:

ئەو دیاردە تایبەتیانەن کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر ، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر،دەگۆڕێن:

- دیاردە فیسۆلۆژییەکان، وەك جۆری (کۆمەڵگا، ڕەنگ، خواردن، خواردنەوە، هەرسکردن، وەچەخستنەوە، گەشەکردن،...تاد).
- دیاردە دەرونییەکان، وەك (پرۆسەکانی بیرکردنەوەو درککردن: پێکەنین، گریان، برسێتیی، ئازار، خۆشیی، ناخۆشیی، شڵەژان، دڵەڕوکێ، گۆشەگیریی، خەمۆکیی، ...تاد).

ئەم دوو دیاردەیەی سەرەوە، مۆرکێکی تایبەتیان هەیەو سەرچاوەکەیان تاکە نەك کۆمەڵگا، مرۆڤەکان لە ڕاپەڕاندنیاندا جیاوازن.

دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو دیاردانەن، کە وێناو شرۆڤەی ئەو شێوازەمان بۆ دەکەن، کە هەموویەکی کۆمەڵایەتیی لە بەرامبەر هەڵوێستێکی بابەتیی لە جیهاندا بیریلێدەکاتەوە.

بەهۆیەوە تاك هەستدەکات کە کیانەکەی لە سەر بنەمای هاوژیانییە لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا )لە شوێنو کاتێکی دیاریکراودا). بۆیە مۆرکێکی گشتیی بەرهەمدەهێنێتو بنەما بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان دادەڕێژێت[٢٥].

- بەهای کۆمەڵایەتیی Social Value

ئەو تایبەتمەندیی و چۆنێتیانەن کە لە ناو گروپێکی مرۆییدا (کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا)، خوازراون، ئەمانەیش کۆمەڵە هۆکارێکی کەلتوریی باو دەیانهێنێتەکایەوە، وەك لێبوردەیی، ڕاستیی، هێز، دەستپاکیی، خۆبەخشیی،...تاد، لە فۆرمی (حەڵاڵو حەرام، ڕاستو چەوت، باشو خراپ، شیاوو نەشیاو، گونجاوو نەگونجاو)دا دەردەکەون.

ئامرازێکی کۆمەڵایەتییە بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی گشتیی و ئارامیی لە کۆمەڵگایەکدا.

لە ڕوانگەی ئۆگست کۆمت ((Auguste Comte (1798-1857) )وە، دەتوانین بڵێین: ئەدەب یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی بنیاتی کۆمەڵایەتیی، بەو پێیەی کە لانی کەم پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی لە نێوان دوولایەندا دروستدەکات، کە دواجار ئەو دوو لایەنە، لە پرۆسەی کارلێکردنە کۆمەڵایەتییەکاندا وەك کارتێکەرو کارتێکراو دەردەکەون[٢٦].

---

[25] بڕوانە: John J. Macionis (2011).

[26] بڕوانە: بیار ماشیري (١٩٩٤).

لەبەرمەبنای تیۆرییەکانی هربەرت سپنسەر((Herbert Spencer (1820-1903) یشدا، دەکرێت ئەوە بخەینەڕوو کە: ئەدەب بە سەرچاوەو هۆکارێکی گرنگی زیندووڕاگرتنی هەر کۆمەڵگایەك دەزانرێت[٢٧].

ئیمیل دۆرکایم ((Émile Durkheim (1858-1917)، ڕەهەندێکی گشتگیرانە بەچەمکی سۆسیۆلۆژیا دەدات، بەوەی بە (زانستی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگاکان) باسیدەکات، جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، لەلایەك لە پەیوەندیی نێوان دیاردەکان بکۆڵرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە لە پەیوەندییان بەو ژینگە کۆمەڵایەتییە بکۆڵرێتەوە کە تیایدا دیاردەکان گەشەدەکەن[٢٨]، بەمەیش وا دەکات کە لە بواری ئەدەبدا دەرفەتی ئەوە لەمەوە بڕەخسێنین کە: یەکەو ڕەگەزو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە ڕەهەندێکی سۆسیۆلۆژیانەوە شیبکرێنەوە.

ماکس ڤێبەر ((Maximilian Carl Emil Weber (1864-1920)یش وادەڕوانێتە سۆسیۆلۆژیا کە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرانەیە لە کردەی کۆمەڵایەتیی و هەر لە زانینی کردەی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانرێت هەموو بوارەکانی تر پۆلێنبکرێن، ئامانج لەم زانستەیش تێگەیشتنە لە ڕەفتاری مرۆیی. مەبەست لە کردەی کۆمەڵایەتیی: وێنەیەکی ڕەفتاری مرۆڤەکانە، کە ئاراستە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەگرێتەوە، مرۆڤ بەهۆی کردەکانیەوە گوزارشت لە ڕەفتارەکانی دەکات، بۆیە پێویستە لە (کردە کەسییەکان و کردە کۆمەڵایەتییەکان بگەین)، کردە کەسییەکان، ئەو کردانەن کە کەسێکی دیاریکراو دەیانکات. کردە کۆمەڵایەتیەکانیش، ئەو کردانەن کە کەسانی تر لە ناو کۆمەڵگادا لە ژێر کاریگەریی کردەی کەسێکدا دەیانکەنەوە[٢٩].

لەم تێڕوانینانەیشەوە، ئەدەب وەك کردەیەکی کەسیی و دواتریش کۆمەڵایەتیی دەردەکەوێت و لێیەوە کاریگەریی لەسەر جۆری کردەی کەس و کۆمەڵگاکان دەکات و دەوانین ڕەفتارە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانیشیان بەهۆوە بخوێنینەوەو گەشەپێبدەین، هەر وەك چۆن دەشێت خودی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە خۆیشیان ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی جۆرێك یان چەند جۆرێك لە کردەو ڕەفتاری تاك و کۆمەڵگاکاندا هەبێت، وەك ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا ئێمە مەبەستمانە بیدۆزینەوە.

هەموو ئەمانە بۆ ئەوەبوون کە دەشێت بەرهەمی ئەدەبیی ببێتە هۆی گۆڕینی یان بەرهەمهێنانی یان مۆدێلی ڕەفتاری تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتیی و لێیانەوە دیاردەو بەهای کۆمەڵایەتیی نوێ بێنە کایەوە.

### ٣/١) ئەدەب و سۆسیۆلۆژیای ئەدەب:

بەرهەمی ئەدەبیی، وەك چالاکییەکی مرۆیی هۆشیارانەی کاریگەرانەی هەستیانە، لە هەوڵی پێکهێنانەوەو بنیاتنانەوەو بەرهەمهێنانەوەی بوونە مرۆییە جیاجیاکاندایە، هەر ئەمەیشە وادەکات کە ڕۆڵ لە فۆرمۆلەکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییە نوێکانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا ببینێت و بنەماو پایەکانی ژیانی مەدەنیی بەهێزو پتەوبکات، (( ئەدەب چالاکییەکی داهێنەرانەیە، خاوەنی چۆنێتییەکی تایبەتیی و بالایە

---

[٢٧] بڕوانە: Robert L. Carneiro (1981).

[٢٨] بڕوانە: F. Elwell (2012) ، د. موسى علي الشهاب (٢٠١٠: ٢١-٢٢).

[٢٩] بڕوانە: ماکس ڤیبر (١٩٩٠)، http://ar.wikipedia.org/wiki، http://philosophie69.arabblogs.com/riwek21/archive/2010/2/1014811.html

بۆ سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بوونی مرۆیی، بە شێوەیەکی ڕیشەیی و گشتگیرانە))[30]. لە کتێبی(النص و الممانعة)دا هاتووە: (( ئەدەب گوزارشتکردنە لە بیری ئومەت و ژیان و بەهاکانیان و بە گوزارشتکردنێکی مێژوویی پێشکەوتووانە دەژمێررێت، درەوشاوەیە بە شێوەگەلی جۆراوجۆرو نوێ و گەوهەرداره بە ناوەڕۆکگەلێکی گۆڕاو))[31]. (د. عبدالعزیز عتیق)یش ڕای وایە: ((ئەدەب پرۆسەیەکی خوڵقاندن و داهێنانە...، وابەستەییەکی تەواوو ڕاستەوخۆی بە سروشتەوە هەیەو گوزارشتکردنێکی خودییانەیە لەو شتانەی ئەدیب درکیان پێدەکات))[32].

لای ڕۆشنبیرانی هاوچەرخ ((ڕاستییەکان بە تێبینیکردن دووپاتدەکرێنەوە نەک بە گەڕانەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە کۆنەکان))[33]، هەر ئەمەیش دەرفەتی چاو لە ئایندەبوون ، بە دەق دەبەخشێت، هەروەک چۆن لە مێژوو وەک کەرەستەیەک لە بەرهەمهێنانەوەی دەقەکاندا کاردەکات ((هۆکاری مێژوویی، پشتخانی شۆڕشی ئیستاتیکیی پێکدێنێت))[34]، ڕۆڵی ئەدەب لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، تەنها لەسەر تاک وەک زات نەوەستاوەتەوە بەڵکو بۆ تاکەکەس و کەسی کۆمەڵایەتیی و کایەی کۆمەڵایەتیی پەڕیوەتەوە، ((لە داهێنانی هونەریدا تاک بەتەنیایی مەبەست نییە، بەڵکو بەرهەم، جۆرێک وشیاری کۆمەڵایەتیی بەیاندەکات))[35]، لویسەن گۆڵدمەن* (Lucien Goldmann (1913-1970) ڕای وایە کە ((بۆ ماتریالیزمی مێژوویی، هۆکاری سەرەکیی بۆ توێژینەوەی بەرهەمی ئەدەبیی، لەم پرسەدایە کە ئەدەبیات و فەلسەفە جۆرێک جیهانبینیی لە دوو بواری جیاوازدا بەیاندەکەن، جیهانبینیش دیاردەیەکی تاکیی نییە، بەڵکو کۆمەڵایەتییە))[36]، ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکیەی ئەدەب و کۆمەڵگایش هەوڵگەلێکی زۆری ویستووە تا ئەو ئەنجامانە بێنێتە کایەوە کە لێیانەوە لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشە مرۆیی و فیکریی و پیشەسازیی و تەکنۆلۆژییە نوێکاندا، ئەدەبیش بتوانێت کارایی خۆی بەپێی جۆری بونیاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان بەکاربخات، ((پەیوەندیی کۆمەڵگاو ئەدەبیات دەسکەوتی سەدەی بیستەم نییە، لەسەدەی نۆزدەیەمدا توێژەرانێک وەک دوستال و ئیپۆلیت و بیرمەندانێک وەک هیگڵ و مارکس چەندین پرنسیپیان ئاراستەکردووە کەلەسەر تێکڕای ڕەوتەکانی دواتر کاریگەریی هەبووە))[37]، جۆرج لۆکاچ* – ( Georg Bernhard Lukács (1885-1971)) یش ڕای وایە کە: ((کۆمەڵناسیی ئەدەبیات لە جوانیناسیی کلاسیک و دیالێکتیکی کانت و هیگڵ و مارکس پێوەنددراوە))[38].

سۆسیۆلۆژیای ئەدەب زەمینەسازیی دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێی دەقەکانەوە کۆمەڵگاکان بخوێنینەوە، چونکە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵە بیرێکی نووسراوو تۆمارکراو دەکات کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گوزارشتە لە

---

30 د. علي المصري (١٩٩٨ : ٢٧).

31 محمد راتب الحلاق (٢٠٠٠ : ٢١).

32 د. عبدالعزیز عتیق (١٩٧٤ : ٩).

33 برتراندرسل (١٩٥٨: ٧).

34 جعفر پوینده/ جۆرج لۆکاچ (١٩٩٨: ١٤).

35 جعفر پوینده/ لوسیەن گولدمەن (١٩٩٨: ١٢).

* لوسیەن گۆڵدمەن، بەیەکێك لە دیارترین سۆسیۆلیستەکانی بواری ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم دەناسرێت.

36 جعفر پوینده/ لوسیەن گولدمەن (١٩٩٨: ١٥).

37 جعفر پوینده/ ژان ئیڤ تادیە (١٩٩٨: ١٤).

* جۆرج لۆکاچ، بەدامەزرێنەری کۆمەڵناسیی ئەدەبیات دادەنرێت.

38 جعفر پوینده/ جۆرج لۆکاچ (١٩٩٨: ٦٢).

تێبینیی‌و سەرنج‌و ڕامان‌و تێڕوانینەکانی کۆمەڵێکی مرۆیی، ((کۆمەڵناسیی ئەدەبیات دەرەوەی زمان شرۆڤە ناکات، بەڵکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی شرۆڤە دەکات کە قسە دەکات‌و وتەکانی دەنووسرێتەوە))[٣٩]، دەق کە لە ڕێی خوێندنەوەوە بۆ بەرهەم دەگۆڕێت، دەرفەتی تێگەیشتن لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەسازێنێت‌و بە گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتیش مانای بەرهەمەکانیش دەگۆڕێن[٤٠]، بۆیە دەق دەتوانێت ڕۆڵ لە گۆڕینی تاکەکان‌و دواتر کۆمەڵگاکانیشدا زۆرجار بە جیاوازیی کات‌و شوێنیش، ببینێت. تاکەکانیش کە لەژێر کاریگەریی چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتیی وەک (فەرهەنگی گشتیی ژیارێکی دیاریکراو، فەرهەنگی نەتەوەیی (ڕابردووی نەتەوەو داب‌و نەریتەکانی، هۆشیاریی گرووپێکی کۆمەڵایەتیی)[٤١]دان، دواجار دەق وەک ناوەڕۆک‌و کەرەستەیەکی ئەدەبیانە دێتەکایەوەو بەسیستماتیزەکردنی وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی مەدەنیانە دەردەکەوێت، ((هونەر بریتییە لە خوڵقاندنی پرۆسەیەک کە مرۆڤ لەودا، تێکڕای ژیانی خۆی لە سروشت‌و کۆمەڵگاداو هاوکات هەموو پرسەکان‌و یاساو پرنسیپی تەباو ناتەبا کە ئەم ژیانە دیاریدەکەن، دەبینێت))[٤٢].

**بەشی دووەم: ئەدەب‌و مەدەنییەت‌و کۆمەڵگای مەدەنیی**

**١/٢) ئەدەب‌و مەدەنییەت:**

ئەدەب قەسیدە یا چیرۆکێک نییە، کە تەنها بۆ چێژوەرگرتن بیخوێنینەوەو دواتر لەبیری بکەین، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤەکان بەتایبەتیی‌و ژیانی کۆمەڵگاکاندا بەگشتیی، دەبینێت، ئەم ڕۆڵەیش خۆی لە گوزارشتکردن لە هەستی کەسیی‌و وێنای ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوەو زۆرجار دەشبێتە سەرچاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ((ئەدەب تەنها بۆ چێژ ئارەزوو نییە، بەڵکو ئامانج‌و مەبەستی ئاگایی نەتەوەیە))[٤٣].

لەسەر ئاستە دەروونییەکەی، گوزارشتکردنە لەو تێڕوانین‌و زانینانەی نووسەر لە گۆشەنیگای خۆیەوە، بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها خواست‌و ئومێدەکانی کۆمەڵگایش وێنادەکاتەوە بۆ ئایندە، نووسەر بە نووسینیان ئارام دەبێتەوە. لەسەر ئاستی دەرەکیش، نووسەر لە ڕێی دەقەکانیەوە وێنای کۆمەڵگاکەی، یان کۆمەڵگای مرۆیی دەکات[٤٤]، لەم تێڕوانینانەوە، ئەرکی ئەدەب پەیوەست بەم بابەتانەوە، لەم ڕەهەندانەدا کۆدەکرێنەوە: تۆمارکردنی ڕووداوە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی‌و جەنگییەکان، تۆمارکردنی بۆچوون‌و خواست‌و ویست‌و تێڕوانینەکانی کۆمەڵگا، گواستنەوەی ئەزموونە مرۆییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەمەبەستی سوودی گشتیی مرۆیی، پەرەپێدانی گیانی نوێکاریی‌و پێشکەوتن بۆ گەیشتن بەباشتر، گێڕانەوەی کات‌و توانست بۆ مرۆڤەکانی تر، گوزارشتکردن لە هەست‌و نەست‌و خواست‌و غەریزەو چێژەکان بەمەبەستی بەردەوامبوون‌و دروستکردنی هاوسەنگیی مرۆیی،

---

[39] جعفر پویندە/ باختین (١٩٩٨: ١٦).

[40] بڕوانە: هانز روبیرت یاوس (٢٠٠٤)، فخری صالح (٢٠٠٩) www.almaktabah.net/vb، جعفر پویندە/ روبێرت یاوس (١٩٩٨: ١٧).

[41] بڕوانە: جعفر پویندە/ لێنارو یوژا (١٩٩٨: ١٧).

[42] جعفر پویندە/ جۆرج لۆکاچ (١٩٩٨: ٣٣١).

[43] حسن عبدالحمید الدراوي (www.wata.cc/forums/showthread.php).

[44] بڕوانە: علي أبو خطاب (٢٠٠٩: www.satera-arab.blogspot.com).

بەیەکەوە بەستنەوەی هەستە کۆمەڵایەتییەکانو کارکردن بۆ کۆکردنەوەیان لە بابەتێکی دیاریکراودا، کردنەوەی بواری شارستانێتیی نوێ لەبەردەم مرۆڤایەتیداو قوڵکردنەوەی بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لێی بگات، هۆشو ئاوەزو هەستەکان پێدەگەیەنێتو دەرونەکان پاکدەکاتەوەو کۆمەڵگا ڕێکدەخاتو دواجاریش ئەدەب وەك بەهێزترین ئامرازی کاریگەریی و بڕواپێهێنانو پەروەردەکردن دەردەکەوێت، کاریگەرییەکی توند دەکاتە سەر دەروون، سۆزەکان دەبزوێنێت، هەست دەجوڵێنێت، ئاوەز ئامادە دەکات بۆ وەرگرتن، هۆش کارادەکاتو ئاشتیی دروستدەکات نەك شەڕ، ئاشکرایشە کە سەرچاوەی هەموو گۆڕانەکان لە هەستەوە سەرچاوەدەگرنو ئەو شوێنە گەرمەیە کە مرۆڤەکان ڕووەو ئامانجەکانی، دەجوڵێنێت، ئەدەبیش زمانی دواندنی هەستو نەستیشە، ئاگایی و هەستانەوە بە هەستو نەست دەدات، هەر ئەمەیش سەرەتای جوڵەیە ڕووەو کامڵبوونو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان[٤٥].

مەدەنییەت (Civilization)، لە وشەی (Civis)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، بەمەبەستی هاووڵاتیی مەدەنیی لە شێوەی ڕەفتارێکی دیاریکراودا، ئەو تایبەتمەندییانەبوون کە چینە باڵاکانی ڕۆمانییەکانی پێ لەوانی تر جیادەکرانەوە[٤٦]، ماکیلڤەرو شارلیزپیچ (R. M. Maclver and Charles H. Page) ئەوە دەخەنە ڕووکە: ((شارستانیەت، ئەوەیە کە ئێمەی تێداینو ئەمانە دەگرێتەوە: هونەر، ئەدەب، ئایین، ئیتیك،...تاد، بەڵام مەدەنییەت، ئەدەیە کە بەکاریدەهێنین، وەك: سیاسەت، ئابووریی، تەکنۆلۆژیا،...تاد))[٤٧]، هەر ئەمەیش سەلماندنی ئەو گریمانەیەی ئێمەیە لەم توێژینەوەیەدا کە دەمانەوێت بڵێین ئەدەب دەتوانێت ژیانێکی مەدەنیانە (مەدەنییەت) بخوڵقێنێت، یا دەوترێت (مەدەنییەت، گەشەیەکی تایبەتمەندانەیە بۆ کۆمەڵگا، هەموو مەدەنییەتێك شارستانیەتە، بەڵام مەرج نییە هەموو شارستانیەتێك مەدەنییەت بێت)[٤٨]، هەروەها مەدەنییەت، بەو دیاردانە دەوترێن کە لەسەر بنەمای بابەتێتیی، یا مەعریفە ڕاستەکان، یا گریمانە گەردوونیەکان دامەزراون[٤٩]، یا کۆمەڵە ڕەفتارو بیرو باوەڕو سیستمێکە کە بەبەردەوامیی کۆدەبنەوەو دەگۆڕێن، بێئەوەی بپچڕێن[٥٠].

تایبەتمەندییەکانی مەدەنییەت بریتی دەبن لەوەی کە دیاردەیەکە لە شاردا گەشەدەکات، بایەخ بەو هونەرو پیشەسازییانە دەدات کە زاخاوی زانستو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی پێدەدرێت لە ژیانی نوێدا، بە عەقڵانیانە بڕیار لەسەر ژیان دەداتو مرۆڤ وەك پێوەری باڵای پایەو بەهاکان دیاریدەکات، ((ناتوانین کار، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی، هۆشیاریی لەیەکتر جیابکەینەوە، هەریەکەیان کارلەوی تریان دەکەن، ئەمەیش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، بۆیە ڕەگەزی مرۆیی لە پەرەپێدانو مەدەنییەتیشدا

---

[45] بڕوانە: حسن عبدالحميد الدراوي (www.wata.cc/forums/showthread.php)، عبدالرحمن جيدي (www.somaliatodaynet.com)، حسن كوثر (www.bizturkmeniz.com)، حسين شاويش (www.pkkonline.com)، www.farhang.gov.ir/literary، www.exampleessays.com، www.politiclcartel.org، www.muting.in، www.open.salon.com.

[46] بڕوانە: د. محي الدين صار (١٩٨٢: ١٣).

[47] ر. م. ماکیڤر- شارلزپیچ (٢٠٠٥: ٢٧-٢٨).

[48] بڕوانە: د. محي الدين صار/ ئۆدۆم (Howard W. Odum) (١٩٨٢: ٤٩).

[49] بڕوانە: د. محي الدين صار (١٩٨٢: ٤٩).

[50] بڕوانە: Flex Sartiaux (1938: 4).

زۆر گرنگە))[51]، ئارەزوو خواستی گردبوونەوەی (گروپ)و (دەسەڵاتداریێتیی) هەیە، لەبەرمەبنای تەکنیکدا حوکمەکان دەدات[52]، بۆیە دواجار مەدەنییەت دیاردەیەکی دروستکراوە لە پێکهاتە ژیاریی‌و شارستانێتییەکانەوە.

**٢/٢) ئەدەب‌و کۆمەڵگای مەدەنی:**

زاراوەی (کۆمەڵگای مەدەنیی (Civil Society))، لە سەدەی حەڤدەیەمەوەو لە فەلسەفەی سیاسیی ئەوروپادا هەرجارەی بەمانای شتێك هاتووەو واتایەکی جێگیریی نەبووە، لەسەدەی بیستەمدا زۆرتر گەشەیکردووە، وەك ڕووبەڕووبونەوەیەکی کۆمەڵگا لە دژی تاکڕەویی دەوڵەت‌و حیزب دەرکەوتووەو هەوڵدان‌و بانگەشەکردن بوو بۆ بژاردەی تر لە ڕێی جوڵانەوە کۆمەڵایەتییە مەدەنیەکانەوە، هەربەمەیش کۆمەڵگای مەدەنیی سەرکەوت‌و تەشەنەی کرد بۆ ئەو وڵاتانەی کە هێشتا دیموکراسیەتی لیبراڵانەیان تێدا فەراهەم نەبووبوو، بەواتایەکی کورت کۆمەڵگای مەدەنیی گێڕانەوەی هۆشە بۆ هاووڵاتیان‌و دروستکردنی ئیرادەیەکی مەدەنیانەیە لە ڕەفتاری خەڵکدا بە مەبەستی بەشدارپێکردنیان لە پرۆسەی گەڵاڵەکردنی بڕیارو پەرەپێدانی بوارە جیاجیاکانی ژیانی گشتییاندا، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە گۆڕانخوازەکان بەرهەمدەهێنێت‌و هێزی ڕەخنەیی بەهاپێدەدات، دواجار هەر ئەمە دیموکراسیەت بەرهەمدەهێنێت، نەك بە پێچەوانەوە[53].

کۆمەڵگای مەدەنیی، بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، پەیوەستە بەمافە تایبەتییەکانی هاووڵاتییەوە (Private Rights)، بۆیە پەیوەستە بەو جەستە کۆمەڵایەتییەوە کە لەهاووڵاتیان پێکهاتووە، واتە پەیوەستە بەهاووڵاتیی ئاساییەوە نەك سەرباز، مەبەستیش لە هاووڵاتیی هاووڵاتییەکی جوامێریی شارستانییە (Urban)، یا پەیوەستە بەسروشتی مرۆڤەوە وەك مرۆڤێکی مەدەنیی (Civil Man)، یا مەخلوقێکی مەدەنیی (Civil Creature)، یا پەیوەستە بەژیانی مەدەنییەوە[54]. بە هەموو جۆرە چالاکییەکی خۆبەخشانە دەوترێت کە کۆمەڵە کەسێك ڕێکیدەخەن لە چێوەی بەرژەوەندیی‌و بەهاو ئامانجگەلێکی هاوبەشانەدا، لەم پێناوەشدا جۆرەها خزمەتگوزاریی‌و داخوازیی‌و چالاکیی پێشکەشدەکەن، وەك پشتیوانیکردن لە خوێندن‌و خوێندەواریی، کاریگەریی دروستکردن لەسەر سیاسەتی گشتیی، دروستکردنی کەمپین بۆ سەرخستنی دۆزێکی هاوبەش[55].

لەم ڕوانگانەوە پەیوەست بە ڕۆڵی ئەدەب‌و کۆمەڵگای مەدەنیی، شۆڕشی فەرەنسیی سیستمی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی لە ئەوروپادا شکاند، ئەم گۆڕانە ڕیشەییەی شۆڕشەکەیش ئەدەب توانی ڕەنگی پێبداتەوەو شۆڕش پەیوەندیی نوێی لە نێوان ئەدەب‌و کۆمەڵدا دروستکردو ئەو پەیوەندییەش ڕێبازی ڕۆمانتیکیی ڕێبەرایەتی دەکرد.

---

[51] د. حسن ابراهيم عيد (١٩٨٤: ٥، ٨).

[52] بڕوانە: (Flex Sartiaux (1938، د. محي الدين صار (١٩٨٢: ٤٢).

[53] بڕوانە: د. عزمي بشارة (١٩٩٨: ٣٠- ٣١).

[54] بڕوانە: د. عزمي بشارة (١٩٩٨: ٦٨).

[55] بڕوانە: http://ar.wikipedia.org/wiki.

بانگەشەی شۆڕشگێڕیی لە ئەدەبدا دروست بوو، وەك شیللیو بایرۆن كە بەردەوام داكۆكییان لە ئازادییەكان دەكرد[٥٦].

ڕۆمانتیكیی هاتو هەر یەك لە ئیلهامی شیعریو خەیاڵی كردە بنەمایەكی سەرەكیی خۆی، ئەمەش وایكرد كە بەهای كەس وەك خود، بەرزتربێتەوە.

شەبەنگی شۆڕشی فەرەنسا بڵاوەبۆوەو لەگەڵیشیدا ڕۆمانتیكیی پەخش دەبوو، تا ئەوەی ڕۆمانتیكیی وەك ناسنامەی گوزارشتكردنی شۆڕشەكەی لێهاتبوو، تا ئەوەی دەوترا ((شۆڕشی فەرەنسی لە ئەدەبدا بەرجەستە بووە...))[٥٧].

كەواتە ئەدەب دەتوانێت نەك هەر بنەماكانی مەدەنییەت بانگەشەبۆبكات، بەڵكو زەمینەسازیی بۆ هاتنەكایەی گۆڕانكاریی و شۆڕشە سیاسیی و كۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەكانیش دەكات.

یاخود هەوڵو شەڕو ململانێیەكی ڕەوایە، دژی دواكەوتوویی ئابووریی و كۆمەڵایەتیی و سیاسیی..تاد[58].

لێرەوە كۆمەڵە بنەمایەك بۆ هەر كارێكی مەدەنیانەی ناو هەر دامەزراوەو كۆمەڵگایەكی مەدەنیی گەڵاڵەدەبنو لە پەیامو چالاكیی و مەبەستو ئامانجەكانیاندا ڕەنگدەدەنەوە، ئەوانەیش بریتین لە: بایەخدان بەتاك، گۆڕینی تاك بۆ هاووڵاتیی، جیاكردنەوەی دەوڵەت لە كۆمەڵگا بەو مانایەی كۆمەڵگا دەوڵەت دروستدەكات، هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگا، چەسپاندنی مافی هاووڵاتیبوون، گرتنەبەری میكانیزمی مەدەنیانەو ڕێگای ئاشتیانە، كاركردن بۆ هێنانەكایەی دادی كۆمەڵایەتیی، یەكسانیی، جیاوازینەكردنو جیانەكردنەوە، سەروەریی یاسا مەدەنییە مرۆییە دادپەروەرانەكان، پەرەپێدانی ئازادیی، خۆشەویستیی (ڕقلێنەبوونەوە لەیەكتر)، پەرەپێدانی دیالۆگ، هاوكاریی و یەكتر تەواوكردن، بەشداریكردن لە پرۆسەی گەڵاڵەكردنی بڕیاردا، بەرجەستەكردنی شەفافیەت، چەسپاندنی لێپرسینەوە، داكۆكیكردن، فەزیلەت، جوامێریی، مرۆڤدۆستیی، هەڵكردن لەگەڵ ئەوانی تردا، بایەخدان بەژنان، بەخەڵكە پەراوێزخراوەكان، لێبوردەیی، ژیاندۆستیی، ڕێبەریكردنی ڕیفۆرمە كۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگیی و...تاد جیاجیاكان، ئیرادەگەریی، بایەخدان بەهونەرە جوانەكان، ئەدەب، ڕۆشنبیریی، تەلارسازیی، تەكنۆلۆژیا، ئایندەسازیی، چاپو چاپەمەنیی، مێدیا، بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە، ژینگەپارێزیی، كۆششو تێكۆشانی كەسیی و نیشتمانیی، بەگژاچوونەوەی هەژاریی، دواكەوتوویی، نەخوێندەواریی، نەخۆشیی، بێدەنگیی كۆمەڵایەتیی، گەندەڵیی، شەڕو چەكەكۆكوژەكان[59]،...تاد.

هەموو ئەم بنەمایانەیش لە بەشی سێیەمدا دەكەینە پێوەر بۆ پێوانەكردنی ئەو تێكستانەی كە لە ئەدەبیاتی كوردیدا لەم پێناوەدا بانگەشەیان بۆ كراوە.

## بەشی سێیەم: بەرجەستەبوونی بنەما مەدەنییەكان لە تێكستە شیعرییە كوردییەكاندا

لەم بەشەدا، بە نمونەی شیعریی، ئەو بنەمایانە دەخەینەڕوو، كە ئەدەبیاتی كوردیی وەك ئەركێكی سۆسیۆپۆلەتیكانەی خۆی كاری لەسەركردوون، بەتایبەتیی بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە

---

[56] بڕوانە: JEROME J. McGann (2002: 288).

[57] د. محمد غنيمي هلال (١٩٧٣: ٧).

[58] بڕوانە: د. محي الدين صار (١٩٨٢: ٥).

[59] بڕوانە: Reinhart Koselleck (1973: 65-68)، د. عزمي بشارة (١٩٩٨: ٣٦-٣٧).

زۆرانەی لە کایەی گەشەپێدان و گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا هەبوون، ڕۆڵی ڕیفۆرمیستیانەی نووسەرانی کورد دەردەکەوێت کە چۆن لە خەمی ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فەرهەنگییەکاندا بوون، بۆ ئەوەی دواجار کۆمەڵگای کوردیی بەرەو ژیانێکی مەدەنیانەی هاوچەرخ بگۆڕێت. پێویستە ئەوەیش بخەمەڕوو، کە کۆی بەرهەمی نووسەرانی کورد لەو ماوانەدا کەم تا زۆر هەوڵگەلێك بوون بۆ تێپەڕاندنی کۆمەڵگایەکی ترادیسیۆناڵ و لەخەمی گواستنەوەی ئەو کۆمەڵگایەدا بوون بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنیانەی هاوچەرخ، بۆیە تەنها ئەم نمونانەمان لە ئەدەبیاتی کوردیدا نییە، بەڵکو ئەمانە تەنها مشتێکن لە خەرمانی ئەدەبیاتی کوردیی و بژاردەیەکی دیاریکراون بۆ یەکلاکردنەوەی گریمانەکانی ناو توێژینەوەکەمان.

١. زانست و تەکنۆلۆژیا:

- بێکەس، دەنووسێت:

((قەومی کورد شێرانی میللەت، فیکری وەحشەت لابدەن
وەختی تێکۆشینە ئەمڕۆ، ڕۆژی عیلم و سەنعەتە))[٦٠]

یا دەنووسێت:

((ڕۆژی کارەبا و رادیۆ بوخارە
هەر قووەت و فەن ئەمڕۆ بەکارە))[٦١]

- زێوەر، دەنووسێت:

((بوخارە دانس و ماکینەیە ئەجسام ئەسوڕێنێ
کە جیسمێ جەوهەری گوم کا لە ژێر بارا ئەبۆڕێنێ))[٦٢]

یا دەنووسێت:

((زانینە گیان ئەخاتە لەشی دارو بەردەوە
زانینە زێڕو زیو کە دەردێنێ لە هەردەوە
زانینە شاخی گەورە وەکو لۆکە شڕ ئەکا
زانینە جەرگی شەو کە لە ڕووناکی پڕ ئەکا))[٦٣]

- شێخ نوری شێخساڵح ، دەنووسێت:

((واسیتەی عیلمە بەشەر ئەمڕۆکە مانەندی تیوور
وا بەسەر ئەوجی سەماوە سەیر ئەکاو تەیران ئەکا))[٦٤]

---

[60] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٥٢).

[61] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٧١).

[62] زێوەر/ دیوانی زێوەر (٢٠٠٨: ٣١).

[63] زێوەر/ دیوانی زێوەر (٢٠٠٨).

[64] شێخ نوری شێخ ساڵح/ دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح(٢٠٠٨: ٥٠٢).

٢. پاراستنی هاوسەنگیی جێندەریانەی نێوان نێرو مێ:

- بێکەس، دەنووسێت:

((نێرو مێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لە دیلی، مەل بە باڵێ نافڕێ
هەوڵی ڕاستیی هەردوولا ئامانجی میللەت سەرئەخا
چونکە مەعلوومە بەیەك دەس چەپڵە قەت لێنادرێ))[٦٥]

- پیرەمێرد، دەنووسێت:

((ژن شەریکی ژینی پیاوە
نەك خەریکی بەردو دار))[٦٦]

٣. بایەخدان بە ژنان:

- پیرەمێرد، دەنووسێت:

((تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە، سنگی کچان بێ ، لە هەڵمەتا))[٦٧]

یا دەنووسێت:

((هەر لەو ڕۆژەوە کەوا کچانمان
بوون بە ئەستێرەی سپهری عیرفان
ڕۆژی هیوای من لە سەر ڕۆژهەڵات
هەڵات و نەگبەت لە چنگی هەڵات))[٦٨]

یا دەنووسێت:

((خۆزگە من ببمە درەختێك
بۆ قوتابخانەی کچان
ئەو کچانەی وا دەخوێنن
ببمە سێبەر بۆ ئەوان))[٦٩]

یا دەنووسێت:

((ئەی کچینە وەرنە مەکتەب
ئێوە تەسکینی دڵن
زینەتی باغ و تەرەقین
ڕەونەقی دەستەی گوڵن))[٧٠]

---

65 بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٣٤).
66 پیرەمێرد/ ب١ (٢٠٠٩: ٣٦٧).
67 پیرەمێرد/ ب١ (٢٠٠٩: ١٥٢).
68 پیرەمێرد/ ب١ (٢٠٠٩: ٣٦٣).
69 پیرەمێرد/ ب١ (٢٠٠٩: ٣٦٩).
70 پیرەمێرد/ ب١ (٢٠٠٩: ٣٦٧).

٤. بەگژاچوونەوەی بێکاریی:

- بێکەس، دەنووسێت:

((کوردە تاکەی بێخەبەر بی؟ نوستنت بێعارییە
واسیتەی دواکەوتنت ئەمڕۆکە هەر بێکارییە))[٧١]

- قانع، دەنووسێت:

((کوڕی کوردم! خەریك بن بێنە فرمان
لەگۆڕنێن تەمبەڵی و بێکاریی جاران))[٧٢]

٥. بەگژاچوونەوەی نەزانین:

- بێکەس، دەنووسێت:

((ئیتیفاقێ گەر نەکەی، لەم جەهلە خۆت ڕزگار نەکەی
پاشەڕۆژت قەڵبە بەخوا، عەیش و نۆشت زارییە))[٧٣]

- زێوەر، دەنووسێت:

((با هەموومان وەك برابین ڕەفیقی دین و دنیابین
با لەوەحشەت تەوەللابین نۆبەتی عیلم و عیرفانە))[٧٤]

٦. بەگژاچوونەوەی گەندەڵیی:

- بێکەس، دەنووسێت:

((نەسرەت و ماڵی جیهانیش بێبەقایە ئەی ڕەفیق
عاقیبەت دنیا نەمانە قەت نەکەی فیتنەو فەساد))[٧٥]

یا دەنووسێت:

((گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ و گیرفان پڕئەکەن
شەو بەبێخەم سەر ئەنێنە سەر سەرین، هەر سەرسەرین
پیاو ئەبێ دایم خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ
ئەو کەسانەی بێخەمن حاشا نەوەی ئەم خاکە نین))[٧٦]

- قانع، دەنووسێت:

((ئەی فەلەك! ڕاستۆ نەبی، بۆ ڕێکوپێکی دەورەکەت
گورگ ئەبێتە شوانی ڕان و، دز ئەبێتە ئەولیا
نێرە گاجووتێ ئەبەیتە ڕیزی لوقمانی حەکیم
فەیالەسووفێکیش ئەخەیتە ژێر چەپۆکی ئەشقیا))[٧٧]

---

[71] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٥٣).
[72] قانع/ دیوانی قانع (١٩٧٩: ١٥٤).
[73] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٥٣).
[74] زێوەر/ دیوانی زێوەر (٢٠٠٨: ٢١١).
[75] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٥٨).
[76] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٨٢).

٧. ئیرادەگەریی:

- بێکەس، دەنووسێت:

((ئەی کورد بەسیەتی تاکەی ئەم شیوەن و فوغانە
بێسوودە ئۆف و ئامان لەم عەسرە بێئەمانە
پاڕانەوەو کەساسیی بێکەڵکە پارە ناکا
عەزم و سەبات و غیرەت پێویستە لەم زەمانە))[٧٨]

٨. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

- بێکەس، دەنووسێت:

((ئەم کوردە گوردە ئێستا کە بێکەس و هەژارە
ملی بۆ شیری دوژمن خوارو کەچ و لەبارە
قەومێکی هێند نەبەردە یەکی بەشی هەزارە
خوا گەورەکانی بگرێ بێکەڵک و هیچ نەزانە))[٧٩]

٩. مێدیا:

- حاجی قادری کۆیی، دەنووسێت:

((لە دەوری ئێمەدا ڕۆمان و جەریدە
ئەگەرچی مەقسەدە، زانینی باوە))[٨٠]

- بێکەس، دەنووسێت:

((هاتووین تەقدیری ئینسانی ئیشکەر          بکەین و قەدری بخەینە سەر سەر
"حاجی تۆفیق بەگ" پیری بەغیرەت ئەمە بیست ساڵە بەهەوڵ و هیممەت
خەریکە لەگەڵ "ژیان"و "ژین"ا          لەگەڵ ئەدەب و شیعری شیرینا))[٨١]

- پیرەمێرد، بۆ ئێسگەی یافا، دەنووسێت:

((دەنگێکی قودس لای قودسەوە هات
ناو جەژنانی کرد بەجەژنێکی ڕاست
ئەو شەوە بانگی ڕۆڵەی کوردستان
لە شەرقی ئەدنا گەییە ئاسمان))[٨٢]

یا دەنووسێت:

((گەلاوێژ، خوشکە باڵا بەرزەکەی ژین
ملوانکەی تۆ، لە ڕیشەی عەقدی پەروین

---

[77] قانع/ دیوانی قانع (١٩٧٩: ٤٨).

[78] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٦١).

[79] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٦١).

[80] حاجی قادری کۆیی/ دیوانی حاجی قادری کۆیی (٢٠٠٧: ٩٩).

[81] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٧٥).

[82] پیرەمێرد/ ب١ (٢٠٠٩: ١٧١).

بەشەوقی تۆوە ڕوونە ئەم جیهانە

بەڵام خوفاش لە تیشکت کوێرو نابین))[83]

- شێخ نوری شێخساڵح، لە بارەی ڕۆژنامەی (ژیان)ەوە، دەنووسێت:

((دەوری تەجەدودت وەك ماهێ لە ئاسمان

هەڵهات و بوو بەدافیعی زوڵمەت لە ئینس و جان

نوورت ڕژانە مەجلیسی ئەفکاری عاقڵان

بوویتە ژیانی دوشمنی بەدخواهی کوردەکان

ئەی ناشری مەعاریف و ئەی خەسمی جاهیلان

ئەی موحتەرەم ژیان))[84]

١٠. بیری ئازادیی:

- بێکەس، دەنووسێت:

((بیری ئازادیی جیهانی گرتەوە توخوا بەسە

ئەم نیزامە کۆنە تاکەی؟ هیممەتێ کەن لابرێ))[85]

- زێوەر، دەنووسێت:

((حوڕ نەبیت ناژیت، لەعالەم لەززەتی تۆ مردنە

ڕاستێکی دنیا و قیامەت لەززەتی ئەحرارییە))[86]

- شێخ نوری شێخ ساڵح ، دەنووسێت:

((ڕۆژی سەعی و غیرەتە، هەنگامی کەیف و شادییە

جەژنی ئیستیقلالە ، ئەمجا نۆبەتی ئازادییە))[87]

- قانع، دەنووسێت:

((ماڵ و حاڵم بۆ چییە گەر میللەتم زیللەت بژی

تاجی سەرشۆڕی فڕێدە تۆش وەکو میللەت بژی))[88]

١١. خوێندن و خوێندەواریی:

- بێکەس، دەنووسێت:

((مەرهەم و دەرمانی دەردی ئێمە تەنها مەکتەبە

فرسەتە هەستن لەخەو ئیتر چ وەختی نووستنە))[89]

---

[83] پیرەمێرد/ ب١ (٢٠٠٩: ٣٤٥).

[84] شێخ نوری شێخ ساڵح/ دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح(٢٠٠٨: ٣٢٦).

[85] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٨٤).

[86] زێوەر/ دیوانی زێوەر (٢٠٠٨: ٧١).

[87] شێخ نوری شێخ ساڵح/ دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح (٢٠٠٨: ٤٩١).

[88] قانع/ دیوانی قانع (١٩٧٩: ١٠٣).

[89] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ١٢٢).

یا دەنووسێت:

((مەکتەبە دەرمانی ئێمە
خوێندنە ڕەهبەری ڕزگاریی
هەستن ئەی لاوی کورد
تێکۆشن دەستوبرد
چاوی لێتانە دایکی وەتەن))[٩٠]

– پیرەمێرد، دەنووسێت:

((لای من بەخوێندەوارییە، ئاە خوێندەوارییە
هەر میللەتێ کە فەنی نەبێ، دەردی کارییە
ئاخ خوێندنیش وەك من ئارەزووی ئەکەم
ببینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم))[٩١]

– زێوەر، دەنووسێت:

((ئێوەن بە نووری عیلم منەوەر ئەکەن وڵات
ئێوەن کە خزمەتی وەتەن میهرەبان ئەکەن
تەنویری فیکری عالەمو تەعلیمی شەئن ئەکەن
ئیحزاری مەعریفەت ئەکەن فرسەتی نەجات
پڕ نوور ئەکەن وڵاتی وەکو شەوقی مەهتاب))[٩٢]

– قانع، دەنووسێت:

((بخوێنن، هەوڵی زانین دەن، جەهالەت دوژمنی کوردە
کەسێ دانابێ هەرگیز دوژمنی خۆی وا بەخێو ناکا))[٩٣]

– حەمدی، بۆ کۆمەڵەی زانستیی کوردان، دەنووسێت:

((زەمان ئەمڕۆ لە خانەی شەش دەرا ئیقبالی دەرهێنا
بە میفتاحی مرووەت فەتحی کرد بابی فەرح یەکسەر))[٩٤]

– ئەحمەد موختار بەگی جاف، دەنووسێت:

((بخوێنە چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان
هەموو ئانو زەمانێ عەینی قەڵخانو سوپەرتانە))[٩٥]

١٢. دادپەروەری:

– زێوەر، دەنووسێت:

---

[90] بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨: ٢١٤).

[91] پیرەمێرد/ ب١ (٢٠٠٩).

[92] زێوەر/ دیوانی زێوەر (٢٠٠٨: ٧٩-٨٠).

[93] قانع/ دیوانی قانع (١٩٧٩: ٥٣).

[94] حەمدی/ دیوانی حەمدی (١٩٨٤: ٩١).

[95] ئەحمەد موختار بەگی جاف/ دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف (١٩٦٩: ٣٣).

((چ خۆشە حوکمی عەدالەت، نەمانی مەحکومی
چ خۆشە ڕەفعی سەفالەت شیعاری مەزڵومی؟
لە بەینی قەومو میلەل دا چ خۆشە مەوجودیی
چ ئافەتێکە حەقیقەت بەڵای مەعدوومی))[٩٦]

- قانع، دەنووسێت:

((منو تۆ هەردوو زادەی یەك خاكین
بۆ تۆ حاكمو، من ئاشەوان بم
ئەگەر لای دوژمن هەردوو مەكروهین
چۆن تۆ وەزیرو، من پاسەوان بم؟))[٩٧]

- حەمدی، دەنووسێت:

((بۆچی ئەفسانەی ئەبو جەد بۆتە مایەی ئیفتیخار؟
ئەبجەدە خۆ دەرسی ئەووەڵ ڕۆژی منالّی هەژار))[٩٨]

١٣. ئایندەسازیی:

- شێخ نوری شێخ سالّح ، دەنووسێت:

((سوبحەحەینێ ئەم تەجەدوود، بۆ تۆیە ئەی شەباب
بۆ تۆیە ئەی ئومێدی وەتەن خادیمی حەیات))[٩٩]

- قانع، دەنووسێت:

((بەسیحری تێمەگەن عیلمی زەمانە
بخوێنن، چونكە خوێندن پشتیوانە))[١٠٠]

- گۆران، دەنووسێت:

((من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریكا
هەتاوی بیر ڕووناك ئەكا بەرچاوم،
بەناو هەزار حەڵقەی داوی باریكا
قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ، هەنگاوم))[١٠١]

١٤. بەگژاچوونەوەی نەزانین:

- زێوەر، دەنووسێت:

---

[96] زێوەر/ دیوانی زێوەر (٢٠٠٨: ٧٢).

[97] قانع/ دیوانی قانع (١٩٧٩: ٨٧).

[98] حەمدی/ دیوانی حەمدی (١٩٨٤: ١٦٦).

[99] شێخ نوری شێخ سالّح/ دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح (٢٠٠٨: ٣٧٣).

[100] قانع/ دیوانی قانع (١٩٧٩: ٦٤).

[101] گۆران/ دیوانی گۆران (١٩٨٠: ٢٧٠).

((عالەم هەموو هەستاوە خەریکن هەموو مەردان
بشکێنە بەبازووی هونەر تەوقی جەهالەت))[102]

یا دەنووسێت:

((مەعاریفە کە بڵندیی ئەدا بەقەومی هەژار
جەهالەتە کە دەکا مەحوی سیلسیلەی تاتار))[103]

- ئەحمەد موختار بەگی جاف، دەنووسێت:

((دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەی جەهلە
لەسایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە))[104]

١٥. چاپ و چاپەمەنی:

- شێخ نوری شێخ ساڵح ، دەنووسێت:

((بنواڕە نووری مەعریفەت و لەمعەی کەماڵ
بەم مەتبەعەی حکوومەتە، چۆن شەوقی دایەوە))[105]

١٦. هونەرە جوانەکان:

- گۆران، دەنووسێت:

((لە گەرووی شمشاڵ، لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان))[106]

١٧. مەدەنییەت :

- پیرەمێرد، دەنووسێت:

((ئەلکتریک لە بەرانانەوە هەتا گۆیژە
تەلی بەسەر شارا ڕکێشابوو بەبێ پەیژە
لە ڕاستی تەختی سلێمانی، چوار پێنج ئەوەندەی مانگ
گڵۆپی نوور دەروژوور ڕووناک ئەکاتەوە بانگ
تەرەسوداتی تەلسکۆبی سەر عومەر گدرون
لە پێش قوللەی ئیڤڵ بۆی کراوە کەشفی شئوون
لە سەرچنارەوە تا تانجەرۆ، لە ڕیزی چەم
بەخاری ماکینە ڕووی ئاسمانی کردووە بەتەم))[107]

- گۆران، دەنووسێت:

((مەدەنییەت: گوڵی بەهاری حەیات،
مەدەنییەت: هەوایی نەشئو نوما،

---

102 زێوەر/ دیوانی زێوەر (٢٠٠٨: ١١١).

103 زێوەر/ دیوانی زێوەر (٢٠٠٨: ١١٢).

104 ئەحمەد موختار بەگی جاف/ دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف (١٩٦٩: ٣٣).

105 شێخ نوری شێخ ساڵح/ دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح (٢٠٠٨: ٥٠٤).

106 گۆران/ دیوانی گۆران (١٩٨٠: ١٠).

107 محەمەد ڕەسوڵ (هاوار)/ پیرەمێردی نەمر (١٩٧٠: ٨٨).

**مەدەنییەت: موسیلەیی ئیحیا،**

**بۆ هەموو میللەت و عموومی وڵات!**

**مەدەنییەت، ئەلکتریك، قەمەر**

**ئەی ضیابەخشی حاڵی نەوعی بەشەر!))** [108]

**١٨. گوزارشتکردن لە خەڵکی پەراوێزخراو:**

**- گۆران، دەنووسێت:**

**((ئەو دەستەی لە کۆڵان گەیشتە فریای من**

**دەستێ بوو بە تۆزو ئارەقی ئیش چڵکن))** [109]

**١٩. دیدی ئاشتخوازیی:**

**- گۆران، دەنووسێت:**

**((ئاشتیخواز! ئاشتیخواز! ئاشتیخوازی کورد!**

**بە ئاشتی سەر ئەگرێ گشت نیازی کورد))** [110]

**یا دەنووسێت:**

**((ئاشتیخوازین، پشتیوانمان گەلانە**

**کۆتری سپیی ئاڵامان ناونیشانە**

**ڕێگامان ڕێی برایەتیی ئینسانە**

**ناکۆکیی و شەڕنەهێشتن ئامانجمانە))** [111]

**٢٠. بەگژاچوونەوەی بێدادیی:**

**- مەحوی، دەنووسێت:**

**((لە عاریف عامییەك پرسی هەواڵی مەسلەخ و قەسساب**

**بە ئەنگوشتی شەهادەی کرد ئیشارەی مەحکەمەو نائیب))** [112]

**- نالی، دەنووسێت:**

**((ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)**

**یاخۆ بووە بە مەلعەبەی گورگ و لوورەلوور؟!))** [113]

---

[108] گۆران/ دیوانی گۆران (١٩٨٠: ٧١).

[109] گۆران/ دیوانی گۆران (١٩٨٠: ١٩٩).

[110] گۆران/ دیوانی گۆران (١٩٨٠: ٤١٣).

[111] گۆران/ دیوانی گۆران (١٩٨٠: ٤١٥).

[112] مەحوی/ دیوانی مەحوی (٢٠٠٨: ٨٦).

[113] نالی/ دیوانی نالی (٢٠٠٨: ١٩٦).

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١. ئەدەب پەیوەندییەکی بەهێزی بەبزواندنی هەستی مرۆڤەکانەوە هەیە، هەر ئەمەیش وادەکات کاربکاتە سەر جۆرو مەودای بیرکردنەوەو ڕەفتاری تاکەکەسیی و دواتر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی، بنەماو ناوەڕۆکەکانی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی دەربکەون و فۆرمولەی بەها کۆمەڵایەتییەکان بکاتەوە، بەمەش ڕۆڵ لە پەرەپێدان و گۆڕینی کەس و کۆمەڵگاکاندا دەبینێت.

٢. ئەدەب سەرچاوەیەکی گرنگی پێکهێنانی شارستانییەتە، هەر بۆیە دواتر بەئاوێزانبوونی بەکایەکانی تر، دەتوانێت ژیانی مەدەنیانە (مەدەنییەت) بەرهەمبێنێت.

٣. لەبەرئەوەی لە کوردستاندا ڕەوت و دامەزراوە مەدەنییەکان دواکەوتوون، بۆیە ئەدەب و ناوەڕۆکە ئەدەبییەکان (وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتیانەی ئەدەب)، جێگای ئەو ناوەندانەیان گرتۆتەوە.

٤. ئەدەبیاتی کوردیی ڕۆڵێکی بەهاداری لە بانگەشەبۆکردن و پەرەپێدان و گۆڕینی کۆمەڵگای کوردیی لە کۆمەڵگایەکی ترادیسیۆناڵەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنیانەدا، بینیوە.

٥. نووسەرانی کورد تێگەیشتنێکی لۆژیکیانەیان لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتیانەی ئەدەب هەبووەو توانیویانە تا ئاستێکی دیار، بنەما مرۆییە مەدەنییە هاوچەرخەکان ئاوێزانی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بکەن، هەر بۆیە نووسەرانی کورد لەو قۆناغانەدا وەك ڕیفۆرمیستی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایینیی و فەرهەنگیی دەرکەوتوون و ناسراون و ماونەتەوە.

٦. لە ڕێی بەرهەمی شاعیرانی کوردەوە دەتوانین دیدو دنیابینیی مەدەنیانەی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی گەشەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، بخوێنینەوە.

## سەرچاوەکان


سەرچاوە کوردییەکان:

- ئەحمەد موختار بەگی جاف/ دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف (١٩٦٩): چاپی دووەم، چاپخانەی هەولێر، هەولێر.
- ئیحسان فوئاد (٢٠٠٠)، سەوداو سنور، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: گۆران ئەژی گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
- بێکەس/ دیوانی بێکەس (٢٠٠٨): محەمەدی مەلا کەریم، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- جعفر پویندە/ جۆرج لۆکاچ، لوسیەن گوڵدمەن، ژان ئیڤ تادیە، باختین، روبێرت یاوس، لێنارو یوژا (١٩٩٨): کۆمەڵناسیی ئەدەبیات (بۆتیقا، تیۆری ئەدەبی، جوانیناسی)، وەرگێڕانی: هادی محەمەدی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- پیرەمێرد/ ب١ (٢٠٠٩): کۆکردنەوەی: ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- حەمدی/ دیوانی حەمدی (١٩٨٤): لێکۆڵینەوەی: جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی.

- حاجی قادری کۆیی/ دیوانی حاجی قادری کۆیی (٢٠٠٧): لێکۆڵینەوەی: سەردار حەمید میران- کەریم مستەفا شارەزا، شارە کتێبی میدیا، سنە.
- زێوەر/ دیوانی زێوەر (٢٠٠٨): کۆکردنەوەی: مەحمود زێوەر، چاپی دووەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- شوکریە رسول(١٩٨٩): ئەدەبی کوردیو هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- شێخ نوری شێخ ساڵح/ دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح(٢٠٠٨): بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەی: ئازاد عەبدولواحید، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- قانع/ دیوانی قانع (١٩٧٩): کۆکردنەوەی: بورهان قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
- گۆران/ دیوانی گۆران (١٩٨٠): کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عیراق، بەغدا.
- مەحوی/ دیوانی مەحوی (٢٠٠٨): لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدولکەریمی مودەڕیسو محەمەدی مەلا کەریم، ئینتشاراتی کوردستان، سنە.
- محەمەد ڕەسوڵ (هاوار)/ پیرەمێردی نەمر (١٩٧٠): چاپخانەی (العانی)، بەغدا.
- نالی/ دیوانی نالی (٢٠٠٨): لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدولکەریمی مودەڕیسو فاتیح عەبدولکەریم، ئینتشاراتی کوردستان، سنە.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

- برتراندرسل (١٩٥٨): أثر العلم في المجتمع، ت: د. تمام حسان، مكتبة نهضة مصر بالفجالة.
- بيار ماشيري (١٩٩٤): كونت (الفلسفة والعلوم)، ت: د. سامي أدهم، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات ةالنشر والتوزيع، بيروت- لبنان.
- تيرى إيجليتون(١٩٩٧ ): مقدمة في نظرية الأدب، ترجمة: أحمد حسان، الطبعة الثانية، نوارة للترجمة و النشر.
- حسن ابراهيم عيد (١٩٨٤): دراسات في التنمية الأجتماعية، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية- مصر.
- دانييل- هنري باجو (١٩٩٧ ): الأدب العام و المقارن، ترجمة: غسان السيد، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق- سوريا.
- روجر فولر (١٩٩٩): موسوعة الأدب و النقد- الأدب، تقديم وترجمة و تعليق: عبدالحميد شيحة، الجزء الأول، المجلس الأعلى للثقافة.
- ر. م. ماكيڤر- شارلزپيج (٢٠٠٥): المجتمع، ت: د. علي أحمد عيسى، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، القاهرة.
- سالم أحمد الحمداني (١٩٨٩ ): مذاهب الأدب الغربي، جامعة الموصل.
- شكري عزيز الماضي (١٩٨٥ ): في نظرية الأدب، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان.

- عبد الحسين رزوقي الجبوري (٢٠٠٩): السلوك الاجتماعي مفهومه وعناصره، مملكة العربية السعودية.
- عبدالعزيز عتيق (١٩٧٤ ): تأريخ نقد الأدبي عند العرب، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت- لبنان.
- عزمي بشارة (١٩٩٨): المجتمع المدني/ دراسة نقدية، الطبعة الأولى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
- علي المصري (١٩٩٨ ): في رحاب الفكر و الأدب، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق- سوريا.
- لسان العرب (بلا: أدب): المحيط، العلامة إبن منظور، المجلد الأول (أ-ر)، معجم لغوي علمي، دار لسان العرب، بيروت- لبنان.
- ماكس ظيبر (١٩٩٠): الأخلاق البروستانتية وروح الرأسمالية، ت: محمد علي مقلد، مركز إنماء القومي.
- محمد راتب الحلاق (٢٠٠٠): النص و الممانعة- مقاربات نقدية في الأدب و الأبداع، دراسة، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق- سوريا.
- محمد غنيمي هلال (١٩٧٣): النقد الأدبي الحديث، دار العودة- بيروت.
- محمد مندور (١٩٧٤ ): الأدب و فنونه، دار نهضة مصر للطبع والنشر، الفجالة- القاهرة.
- محي الدين صار (١٩٨٢): التغيير الحضاري وتنمية المجتمع، منشورات المكتبة العصرية، صيدا- بيروت.
- موسى علي الشهاب (٢٠١٠): علم إجتماع الأعلام، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان- الأردن.
- هانز روبيرت ياوس (٢٠٠٤): جمالية التلقي: من أجل تأويل جديد للنصّ الأدبي، ت: رشيد بنحدو، منشورات المجلس الأعلى للثقافة بمصر.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- OXFORD ADVANCED LEARNER`S DICTIONARY (1989): Chief Editor: A p Cowie, Fourth Edition, Oxford University Press.
- F. Elwell (2012): EMILE DURKHEIM, Rogers State University.
- JEROME J. McGann (2002): BYRON and ROMANTICISM, Cambridge University Press, New York.
- John J. Macionis (2011): Sociology, Publisher: Prentice Hall; 14 edition (October 6, 2011) | ISBN: 020511671X |.
- KARAM SHALABI( 1994): Dictionary of Mass Communication Terms.
- J. A. Cuddon (1984): A Dictionary of Literary Terms, Published in Penguin Books.
- Robert L. Carneiro (1981): Herbert Spencer as an Anthropologist, The Journal of Libertarian Studies. Vol. V, No. 2 (Spring 1981).
- Kenneth Rexroth (1974): New Poems, New York: New Directions.

سەرچاوەی ئەڵمانی:

- Reinhart Koselleck (1973): Kritik und krise: Ein Studie Zur Pathogenes der Büerger lichen.

سەرچاوەی فەرەنسی:

- Flex Sartiaux (1938): La Civilisation, co…Armand Colir, Paris.

پێگە ئینتەرنێتییەکان:

- www. ar.wikipedia.org/wiki
- www.abdo2000.maktoobblog.com
- www.almaktabah.net/vb/showthread
- www.bizturkmeniz.com
- www.britannica.com
- www.easylingo.org
- www.dictionary.reference.com/browse/euro
- www.ejtemay.com/showthread
- www.eshamel.net
- www.exampleessays.com
- www.farhang.gov.ir/literary
- www.muting.in
- www.open.salon.com
- www.philosophie69.arabblogs.com
- www.pkkonline.com
- www.politiclcartel.org
- www.sardam.info/sardam
- www.satera-arab.blogspot.com
- www.somaliatodaynet.com(
- www.wata.cc/forums/showthread.php
- www.wata.cc/forums/showthread.php
- www.wikipedia.org/wiki

## الأدب والحياة المدنية

يعتبر الأدب واحد من المجالات المؤثرة والحساسة والبارزة في التطور البشري في أي مجتمع بشري معين. في المجتمعات التي لم تتمتع بوجود مؤسسات مدنية وإتجاهات فلسفية وآيدولوجية وفكرية أو التي تأخرت فيها هذه الجوانب، قام الأدب بملأ هذا الفراغ أو حل محلها. وفي المجتمع الكوردي، حيث لم تتواجد الجوانب المذكورة سابقاً، فقد لعب الأدب دوراً مهماً في الدعوة إلى هذه الجوانب وتطويرها ونشرها وتجسيدها.

ومن هذا المنظار، نتطرق إلى دور الأدب الكوردي و (الشِعر) على وجه الخصوص في تهيئة الأرضية والتقديم والتنظير للمفاهيم الإنسانية المعاصرة في سبيل إيجاد حياة مدنية. سوف نبحث خلال هذه النصوص عن المبادئ التي تشار إليها الآن كأسس واضحة وشائعة للمؤسسات المدنية والحياة المدنية على نطاق عالمي. ونقوم بتحليل دور وتطور وطبيعة وظيفة الأدب الكوردي في التنمية الإجتماعية في المجتمع الكوردي في ضوء التحليلات والنظريات الإجتماعية للأدب. ومن هنا نبغي الوصول إلى جواب للفرضية التي تسأل هل يمكن للأدب، ما عدا جوانبه الجمالية والدلالية والعقلانية والذوقية، أن يلعب دوراً في التنمية الإجتماعية بحيث يعمل على تغيير التفكير والسلوك الفردي وأن يؤدي إلى إستحداث قيم إجتماعية متعلقة بالمدنية؟

نبحث في هذه الدراسة عن دور الأدب في تنمية الحياة المدنية في المجتمع الكوردي في ضؤ التحليلات النظرية لعلم الإجتماع وعلم الإجتماع الأدبي والتحليلات الأدبية حسب المدخل التحليلي. وستكون مواد دراستنا مجموعة مختارة من أعمال الشعراء الكورد بلهجة الكرمانجي الوسطى (نمط السليمانية) وصولاً إلى النصف االأول من القرن العشرين، وهي بداية التشكُّل الواقعي للمفاهيم المدنية في العصر الحديث.

## Literature and Civic Life

Literature is considered one of the influential, sensitive and prominent areas in human development in any given human society. In societies that have not enjoyed the presence of civilian institutions, philosophical, ideological, and intellectual trends, or delayed in terms of the availability of these aspects, literature fills this void or replaced them. In the Kurdish community, in which the previously mentioned aspects did not exist; literature has played an important role in advocating, developing, disseminating and reflecting these aspects.

Hence, we want to touch upon the role of Kurdish literature and “poetry” in particular in preparing the ground, presenting and theorizing the contemporary concepts of humanity in order to find civilian life. We'll look through these texts for the principles considered now as the basis of clear and common civic institutions and civic life on a global scale. We analyze the role of develpoment, nature and function of Kurdish literature in social development in the Kurdish community in the light of the analysis and the social theories of literature. We want to answer the hypothesis that asks; besides its aesthetic, semantic, rational and savor aspects, can literature play a role in social development, changing the individual thinking and behavior, leading to the development of social values related to civics life?

In this study we search for the role of literature in civilian life development in the Kurdish community in the light of theoretical analyzes of sociology, literary sociology and literary analyzes applying the analytical approach. Our study materials will be a selection of works of Kurdish poets in the Central Krmangy dialect (the style of Sulaymaniyah) untill the first half of the twentieth century, which is the real beginning formation of civil concepts in the modern era.